# من تەنها بۆ ئەوە نێردراوم کە ڕەوشتە جوانەکان کامڵ بکەم

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «من تەنها بۆ ئەوە نێردراوم کە ڕەوشتە جوانەکان کامڵ بکەم».
[حەسەنە] [رواه البخاري في الأدب المفرد وأحمد والبيهقي]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە خوای گەورە -عز وجل- ئەوی ناردووە بۆئەوەی ڕەوشت وفەزڵ وکردەوە جوانەکان کامڵ بکات؛ وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نێردراوە بۆئەوەی پەیامی پێغەمبەرانی پێشوو تەواو بکات، وتەواوکاری ڕەوشتە جوانەکانی عەرەبە، ئەوان خێریان خۆشدەویست وڕقیان لە شەڕ وخراپە بوو، خەڵکانێکی جوامێر وبەخشندە وشکۆدار بوون، وخوای گەورە پێغەمبەری نارد -صلى الله عليه وسلم- بۆئەوەی بە ڕەوشتە جوانەکان کامڵ بن وڕەوشت وخووە ناشیرینەکانیان نەهێڵێت وەکو شانازی کردن بە باوباپیران، وخۆبەگەورەزانین، وبەچاوی سووك سەیرکردنی هەژار وهتد.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66233

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee